The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# هەڵوێستی (چاک) دەربارەی هەڵبژاردن لە عێراق

## بەیاننامە

### با ڕێ بگرین لە بەردەوامیی جینۆساید لە کوردستان

### نا بۆ بەشداری لە "هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراق"

2004/11/15

بۆ/
جەماوەری کوردستان
کەسوکاری قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال و ڕاگوێزراوەکانی کورد
هەموو دەنگێکی سەربەخۆخواز و حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان
لاوان و خوێندکارانی شۆڕشگێر و وڵاتپارێز

وەک هەمووومان دەزانین گەل وخاکی کوردستان بەبێ ئیرادەی خۆی و بە زۆرداری زلهێزەکان بە عێراقەوە لکێنراوە و بەهیچ شێوەیەک ڕای وەرنەگیراوە دەربارەی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی. تەنیا بۆ یەک جاریش گەلی کوردستان سەرپشک نەبووە لە بڕیاری سیاسیی خۆی و تاوەکوو ئەمڕۆ، ئەو عێراقە عەرەبییەی کە بەروبووم و سامانی کوردستان بەکاردێنێت، بە جینۆساید و ئەنفالکردن و کیمیاباران، وەڵامی گەلی کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی داوەتەوە.

ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق وەک داگیرکەری کوردستان، تا ئەمڕۆش، کورد بە هاوڵاتی پلەی دوو دادەنێن و ئەمجارە دەیەوێت بە فێڵی هەڵبژاردن، گەلەکەمان هەتاهەتایە کۆیلە بکات و بەردەوامی بە سیاسەتی تەعریب بدات و پاکتاوی ڕەگەزی بە شێوەیەکی  یاسایی پیادەبکات و هەر لەو ڕێگایەشەوە ئەیەوێت کردەوەی تاوانبارانی کیمیاباران و ئەنفالچیەکان  وچەوسێنەرانی گەلی کوردستان بسەپێنێت .

ڕازینەبوونی دەسەڵاتدارانی عێراق بە پاڵپشتی گەلێ پارت وڕێکخراوی عێراقی، لەسەر دیارینەکردنی سنووری جیوگرافی باشووری کوردستان و گەڕاندنەوەی شارە کوردستانیەکان بۆ ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، سیگنالێکی ترسناکە و گەلی کورد نیگەران ئەکات. مافی ڕەوای گەلی کوردستانە خاوەنی بڕیاری دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆی بێت. ئەم هەلەی بۆ گەلەکەمان ڕەخساوە و بەدەگمەن جارێکیتر لە مێژوودا دوبارە بێتەوە، بۆیە پێویستە ژیرانە مامەڵەی لە گەڵ بکەین.

ئێمە لە ناوەندی هەڵەبجە، پارچەپارچەکردنی کوردستان و لکاندنی باشووری کوردستان بەعێراقەوە و بە هۆی سەرەکی تاوانەکانی جینۆساید بەرامبەر بە گەلەکەمان لەلایەن داگیرکەرانەوە دەزانین. هەر بۆیە بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردن لە چوارچێوەی عێراقدا لەم بارودۆخەی ئیستادا بە هەنگاوێکی گرنگ لە ڕێگای بەرەنگاربونەوەی جینۆساید و دووبارەبوونەوەی ئەنفالەکاندا دادەنێین. بەشداربوونی کورد لە هەڵبژاردنی عێراقدا مانای دوبارە

لکاندنی باشوری کوردستانه به عێراقەوه و ئەو کاره تایبەتمەندی کێشەکەمان ناهێڵێت، و ئیتر بۆمان نابێ وەک گەلێکی خاون وولات هەڵسووکەوت بکەین و ڕێگاخۆشکەره بۆ ئەنجامدانی کارەساتی ترسناکی دیکه له وێنەی ئەنفالکردن و بەکارهێنانی چەکی بەکۆمەڵکوژ له دوارۆژدا.

بەشداری نەکردنی کورد له هەڵبژاردنی عێراقدا تاکه وەڵامدانەوەیه بۆ داگیرکەران و سەرجەم ڕای جیهان و سەلماندنه که کورد تامەزرۆی سەربەخۆیی و وەدەستهێنانی ناسنامەی سیاسی و نەتەوایەتی زەوتکراوی خۆیەتی و پێویسته لەچوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی و ڕاپرسیەکی گشتیدا کێشەکەی چارەسەر بکرێت. بۆ ئەو مەبەسته دەبێ گوێ له ڕای گەلی باشووری کوردستان بگیرێت، نەک ڕای عێراقیەکان.

گەلی باشووری کوردستان دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ و یەکلاکەرەوه له عێراقدا بگێڕێت. بەشدارنەبوونی کورد لەم هەڵبژاردنەدا ئەبێته هۆی سەنەکەوتنی هەڵبژاردن له عێراق و پیلانی داگیرکەران بۆ کۆیلەکردنی گەلەکەمان پووچەڵ دەکاتەوه و کۆتایی به پرۆسەی تەعریب دینێت و حکومەتی عێراق ناچار ئەکات دان به سنوورەکانی باشووری کوردستان بنێت.

ئێمه وەک ناوەندی هەڵەبجه دژ به ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (چاک) داوا له سەرجەم گەلی باشووری کوردستان دەکەین له هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراقدا بەشدارنەبن، هەروەها داوا له هەموو هێزێکی کوردستانی له کەسایەتی و ڕێکخراوی سیاسی و جەماوەری دەکەین چالاکی سیاسی بنوێنن و هەڵوێستی نیشتیمانپەروەرانەی خۆیان ئاشکرابکەن و ئامادەیی خۆیان دەرببڕن بۆ پەیڕەوکردنی بەرنامەیەکی کاریگەری هاوبەش که له خزمەتی کێشەی گەلی کوردستاندا بێت .

نا بۆ بەشداری له هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراق،
نا بۆ جینۆسایدی گەلی کورد
نەمری بۆ خۆبەختکەرانی ڕێگای سەربەخۆیی کوردستان و
قوربانیانی ئەنفالەکان و کیمیابارانی هەڵەبجه

## ناوەندی هەڵەبجه دژ به ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (چاک)

www.chak.info

antigenocide@hotmail.com